# جەژنت پیرۆز

• کەژاڵ ئیسماعیل

ئەمەویَ پیَت بلیَم جەژنت پیرۆز
وەکوو جاران
ڕووبە ڕوو
دەستەکانت بنیَمە ناو دەستم
دوو بە دوو..

بەلاَم،
هەرکە ناوی جەژن
بەر گویَم ئەکەویَت
هەرچی برین لە جەستەمایە
بە سویَ ئەچیَت!
چۆن بتوانم
دوور لە چاوەکانت
ئاگری جەژن بکەمەوە؟
زمانم لاڵ بیَت
یەکەم کەس بە تۆ نەلیَم
جەژنت پیرۆز..

گولە بەیبوونەکەم،
جەژنی خەلکی پیَکەنینە
جەژنی منی تەنهاش
چەند سالیَکە
هەر گریان و شینە
بیَ تۆ..
جەژن بۆ من ماتەمە
بە چاوی تۆ..
ئەوە چەندین وەرزە
جەژنە پیرۆزەم هەر غەمە

گەر خوا کردی و جەژنیَ داهات

**یەکەم بەیانی خۆری تۆ**
**لە سەر کەلی ئاوات هەڵهات**
**ئەوسا ، ئەوساتە جەژنەمە و**
**یەکەم کەسم وەک جەژنانە**
**بە تۆی نازداری خۆم ئەڵێم:**
**گشت ڕۆژێکت هەر جەژن بێ و**
**وا ئەم جەژنەش**
**لە هەردووکمان پیرۆز.. گیانە!**
2006-01-08
• • •